# مانیفێستی ڕێدستۆکینکز

## بزووتنەوەی ئازادیی ژنان*

و: کەیوان فاتحی


**١** پاش چەندین سەدە خەباتی تاکە کەسی و سەرەتاییی سیاسی، سەرئەنجام ژنان بۆ رزگار بوون و کۆتایی هێنان بە بالادەستیی پیاوان، یەکگرتوو دەبن. رێدستۆکینکز بۆ پێکهێنانی ئەم یەکگرتووییە و بەدستهێنانی ئازادییەکانی ئێمە هاتووەتە بوون.

**٢** ژنان تویژێکی ستەم لێ کراون. ستەمەکان لە سەر ئێمە بەرفراوانن و کاریگەرییان لە سەر هەموو جمگەکانی ژیانمان داناوە. ئێمە وەکوو کالایەکی جنسی، خستنەوەی وەچە، خزمەتکاری ناو ماڵ و هێزی کار بە داهاتێکی کەمەوە، هەڵسوکەوتمان لەگەڵ دەکرێ. ئێمە تەنیا بە مەبەستی بەرزکردنەوە شکۆی پیاوان وەکوو بوونەوەرێکی ئاست نزم(پلە دوو) لەقەڵەم دەدرێین. بوونی ئێمە پشتگوێ خراوە. رەفتار وهەڵسوکەوتە داسەپاوەکان بە سەر ئێمەدا لە رێی هەرەشە و توندوتیژیی فیزیکییەوە بەرێوە چووە.

لەبەر ئەوەی ئێمە لەگەڵ چەوسێنەرانی خۆمان زۆر لە نێزیکەوە ژیاوین، لە یەکتر تەریک کەوتووینەتەوە و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئێمە بە بەردەوامی رەنج و ئازارە تاکەکەسییەکانمان وەکوو بارودۆخێکی سیاسیی ببینین. ئەمە ئەو وێنایەی پێکهێنهاوە کە پەیوەندیی ژن لە گەڵ هاوسەرەکەی بابەتێکی دژبەیەکی نێوان دوو شوناسی بێ هاوتایە و دەکرێ بە شێوەی تاکەکەسی چارەسەر بکرێ. لەراستیدا، هەر پەیوەندییەکی لەم چەشنە، پەیوەندییەکی دەستەبەندی کراوە و کێشمەکێشی نێوان ژنان و پیاوان کێشمەکێشێکی سیاسییە کە تەنیا بە شێوەی دەستەجەمعی قابیلی چارەسەر کردنە.

**٣** ئێمە هۆکارەکانی چەوسانەوەی خۆمان لە پیاواندا دەبینینەوە. بالادەستیی نێرینە کۆنترین و بنەرەتیترین فۆرمی فەرمانرەوایی کردنە. هەموو فۆرمەکانی دیکەی ستەملێکردن و بەکارهێنان وەکوو «رەگەزپەرەستی، کاپیتالیسم ، ئیمپریالیزم» و تا دوایی، پەرەی بە بالا دەستیی پیاوان داوە: پیاوان بە سەر ژناندا زاڵن و چەند پیاوێک بە سەر هەمووواندا زاڵن. هەموو پێکهاتەکانی دەسەلات بە درێژاییی مێژوو، نێرسالاری و نێرانە بوونە. پیاوان هەموو دامەزراوە سیاسی، ئابووری و فەرهەنگییەکانیان لە پاواندا بووە وئەم کۆنترۆڵ کردنە هێزی رەق(فیزیکی)ی لە پشتەوە بووە. ئەوان هێز و دەسەلاتی خۆیانیان بۆ راگرتنی ژنان لە ئاست و پلەیەکی نزمتردا بەکارهێناوە. هەموو پیاوان لە بالادەستیی نێرینەبووندا لە بوارەکانی ئابووری، جنسی و دەروونیدا سوودمەند بوون. هەموو پیاوان ستەمیان لە ژنان کردووە.

**٤** هەوڵ دراوە کە باری بەرپرسیارێتییەکە لەسەر شانی پیاوان هەڵبگیرێ و بخرێتە سەر دامەزراوەکان یان خودی ژنان. ئێمە ئەم ئارگیۆمنتانە وەکوو بیانوویەک بۆ خۆدەربازکردن، رەد دەکەینەوە. دامەزراوەکان بە خودی خۆیان ستەم ناکەن؛ ئەوان تەنیا کەرستەی بەردەستی ستەمکارانن. خەتابارکردنی دامەزراوەکان بەو مانایە کە ژنان و پیاوان بە شێوەی هاوسان قوربانین، ئەمەش ئەو راستییە دەشارێتەوە کە پیاوان سوود لە گوێرایەڵیی ژنان دەبین و بووەتە بیانوویەک بۆ ئەوەی پیاوان لە رووی ناچارییەوە ببنە ستەمکار. بە پێچەوانەوە، هەر پیاوێک سەربەستە لەوەی چاوپۆشی لە زاڵبوونی پێگەی خۆی بکات بەو مەرجەی کە رازی بێ کە پیاوانی دیکە وەکوو ژنێک هەڵسوکەوتی لە گەڵدا بکەن.
ئێمەهەروەها ئەو بیرۆکەیە کەپێی وایە ژنان بەم ستەمە رازین یان ئەوەی هەڵەکە لە ئەستۆی خۆیانە، رەد دەکەینەوە. خۆ بەدەستەوەدانی ژنان بەرئەنجامی شۆردنەوەی مێشک، گێلیەتی یان نەخۆشیی رەوانی نییە،




بەڵکوو سەرچاوەکەی زەختی بەردەوامی ڕۆژانەی پیاوانە. ئێمە پێویستمان بەوە نییە کە خۆمان بگۆڕین، بەڵکوو دەبێ پیاوەکان بگۆڕین. لە هەموو نابەجێتر هێنانەوەی ئەو بیانووانەیە کە ژنان دەتوانن ستەم لە پیاوان بکەن. بنەمای ئەم تێگەیشتنە سەقەتە تەریک خستنەوەی پەیوەندیی تاکەکەسییە لەگەڵ بەکگراوەندی سیاسیی ئەواندا و ڕوانینی پیاوانە بۆ بینینی هەر جۆرە داخوازییەکی ڕەوا، کە باڵادەستیی ئەوان دەخاتە مەترسییەوە.

**٥** ئێمە ئەزموون و نیگەرانییەکانی خۆمان لەبارەی ئەو ڕابردوو(ئەزموون)ە، وەکوو بنەمایەک بۆشرۆڤە و لێکدانەوەی بارودۆخی هاوبەشی خۆمان لەبەرچاو دەگرین. ئێمە ناتوانین متمانە بەو ئایدۆلۆژییانە بکەین کە لە ئارادان، لەبەر ئەوە هەموو ئەو ئایدۆلۆژییانە بەرهەمی فەرهەنگی باڵادەستیی نێرینە(پیاوان) یان لەخۆگرتووە. ئێمە ئەوە بە تەواوی دەخەینە ژێر پرسیارەوە و هیچکام لەوانە پەسند ناکەین کە لەگەڵ ئەزموونی ئێمەدا یەکانگیر نابێ. هەنووکە ئەرکی سەرەکیی ئێمە پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی ژنانە لە ڕێگەی بڵاو کردنەوەی ئەزموونەکان و ڕۆشنگەریی کۆمەڵایەتییەوە لە سەر بنەمای ڕەگەزی لە هەموو دامەزراوەکانماندا. بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاری «بە مانای ساریژێک» بۆ چارەسەرکردنی کێشەی تاکەکەسی نییە و ئەو پێشفەرزەش هەڵەیە کە پەیوەندیی نێوان ژن و پیاو بە بابەتێکی تەواو شەخسی لەقەڵەم دەدات، بەڵام تاکە میتۆدێکە کە دەتوانین دڵنیا بینەوە کە نەخشەڕێگای ئازادبوونی ئێمە، لە سەر بنەمای بارودۆخی ڕاستەقینەی ژیانمان دامەزراوە.

هەنگاوی یەکەم بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری، ڕاستگۆیی لە ناو خۆمان و لە ناو خەڵکدا،




له گەڵ خۆمان وله گەڵ ژنانی دیکەشدایە.
٦ ئێمە هەموو ژنان بە هاوچارەنووسی خۆمان دەزانین. ئێمە خۆمان وەکوو هەژارترین ژن کە زۆر بێبەزەییانە دەچەوسێنرێتەوە، پێناسە دەکەین. ئێمە هەموو ئەو ئیمتیازە ئابووری، ڕەگەزی، پەروەردەییانە یان بارودۆخێک کە ئێمە لە ژنانی دیکە جیا بکاتەوە، ڕەد دەکەینەوە. ئێمە پێداگرین لەسەر ئەوە کە هەرچەشنە دەمارگرژییەک کە لەوانەیە ئێمە لەدژی ژنانی دیکە بکات، دەسنیشان دەکەین وبە تەواوی دەیانسڕینەوە. ئێمە پێبەندین بە دابین کردنی دێمۆکراسیی ناوخۆییەوە. هەر شتێک پێویست بێت ئێمە ئەنجامی دەدەین بۆ ئەوەی لە ناو بزوتنەوەکەماندا دڵنیایی بدەین بە هەموو ژنێک کە دەرفەتی هاوسانی(بەرانبەر)یان لەبەر دەمە بۆ بەشداری کردن، وەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریەتی و گەشەی پتانسیەلی سیاسیی تاکە کەسیی خۆی.
٧ ئێمە داوا لە هەموو خوشکانی خۆمان دەکەین، لەم خەباتەدا لەگەڵ ئێمە یەکگرتوو بن.
ئێمە داوا لە پیاوان دەکەین بۆ بەرژەوەندیی مرۆڤایەتی وسوودی خۆشیان، دەستبەرداری باڵادەستیی خۆیان بن و پشتیوانی لە ئازادیی ژنان بکەن.
لەم کێشمەکێشەدا بۆ ئازادیی خۆمان، ئێمە هەمووکات لە بەرەی ژناندایـن لە دژی ستەمکاران. ئێمە ناپرسین چ شتێک «شۆڕشگێڕییە» یان «ڕیفۆرمیستی»؟ پرسەکە ئەوەیە چ شتێک بۆ ژنان سوود بەخشە.
سەردەمی دەرگیریی تاکە کەسی تێپەڕیوە.
ئێمە ئەم جارە هەموو ڕێگەکە دەبڕین.

*. https://pages.uoregon.edu/eherman/teaching/texts/Redstockings%20Manifesto.pdf